

# فایلی ناوەکی ئێران

باسی بەرنامە ناوەکی یەکەی ئێران دەستی بە تەقینەوەکرد لەئاستی نێو دەوڵەتیدا لە ساڵی ٢٠٠٢ . وە گۆڕا بۆکێشە لە ناوەڕاستی ساڵی ٢٠٠٣ ، دا ئاژانسی ووزەی ئەتۆم لەساڵی ٢٠٠٣ دا ڕایگەیاند کە ئێران ١٨ ساڵە بەرنامە ناوەکیەکەی خۆی شاردۆتەوە .

لە ١٤ ئاب کۆنگرە نیشتمانی بۆ بەرگری ئیرانی کە گروپێکی جیابووەبون , بوونی دوو دامەزراوەی نهێنی ئاشکرا کرد . یەکەم بۆ بیتاندنی یۆرانیۆم نزیك "ناتانز" لە ناوەڕاستی ئێران , دووە م بۆ بەرهەم هێنانی ئاوی قورس نزیك " ئاراك" لەباشوری ڕۆژئاوای "تاران" .

٢٧ ئاب ئاژانسی نێو دەوڵەتی ووزەی ئەتۆم ڕایگەیاند کە پشکنەرەکانی پاشماوەی یۆرانیۆمی پیتێنراو لە لەپلەی "٣٦٪" یان بەدیکردوە , لەدامەزراوەی ناتانز , بەڵام ئێران دەڵێت لە ئەنجامی ئەو پارچانەوە کەلە پاکستانەوە هێناونی وە پیسبوون و گوێزراونەتەوەبۆ ئێران . ٢٨شوبات ڕوسیا و ئێران ڕێکەوتنێکیان ئیمزا کرد بۆ پێدانی سوتەمەنی پێویست بۆکارپێکردنی وێزگەی بوشەهر. بەڵام ئێران بۆ دەیەوێت بنیاتی "کورە" ی ناوەکی بنێت کە بە ئاوی قورس کاردەکات ئەو کورەیە ی بەئاوی قورس کاردەکات دەتوانرێت یۆرانیۆم بەرهەمبهێنرێت , کەسەرچاوەیەکی جێگرەوەی سوتەمەنی یۆرانیۆمی بەرزە . ئێران بەئامانجی کەم کردنەوەی پشت بەستن بەسامانی نەوت و غازی سروشتی وە پاشەکەوت کردنی دراوی بیانی وە جۆراو جۆرکردنی سەرچاوەکانی ووزە دەیوێت ووزەی ئەتۆم بەرهەم بهێنێت ئامانجی ئێران بۆدەسختنی " ٢٠٪" لەوزەی کارەبای پێویست ، وەپڕکردنەوەی ئەوکێشانەی کەڕووبەڕووی کەرتی ووزەی کارەبا بۆ تەوە , وەپێویستیی بەبڕێکی زۆر لەبەنزین هەیە بۆ بەکارهێنانی ناخۆی کەدەبێت لەدەرەوە بەشێکی بهێنێت .

ئەمریکا دەڵێت ئێران پێویستی بەووزەی ناوەکی نیە ، چونکە یەدەکێکی گەورەی لە غاز و نەوت هەیە کە وای کردووە بە پلەی دووەم بێت لەدوای سعود لە نەوت ، وە دووەم لە دوای ڕوسیا لەغازی سروشتیدا , وە ئەو ووزەیەی لە نەوت و غاز دەستی دەکەوێت هەرزانترە لەهاوتاکەی کە ئەتۆمە . غازی سروشتی ئەگەر بەکاربهێنرێت لەئێراندا بۆ بەرهەم هێنانی ووزەی کارەبا دەتوانرێت "4000 MW" مێگاوات کارەبای لێ بەرهەمبێت , کە چوار جار زیاترە لە وەی لە کورەی بوشەهر بەرهە دێت .

## بۆچی ڕۆژئاوا هەست بەنیگەرانی دەکات ؟

هێزە ڕۆژئاواییەکان دەترسن کەئێران بەنهێنی گەشە بە بۆمبی ناوەکی بدات ، یان لانی کەم توانای بەرهەم هێنانی هەبێت . هەرچەندە ئێران بڕیاری بنیات نانی بۆمبی ناوەکی نەداوە لەئێستادا , لەبەرئەوە ڕۆژئاوا دەیەوێت ئێران سەرجەم چالاکیەکانی پیتاندن ڕابگرێت . ڕۆژئاوا دەڵێت متمانە بەئێران ناکرێت . لە کاتێکدا بەم دواییانە ئێران دانیپانا کەبەڵگەنامەیەکی دەست کەوتووە پەیوەند بە بنیاتنانی بۆمبی ناوەکی یەوە لە زانای پاکستانی " عبدالقدیرخان " کە

مايەى نيگەرانى زياترە. ڕۆژ ئاوا وادادەنێت كە ڕێگەدان بەئێران بەپیتاندنی یۆرانیۆم هانی وولآتان تردەدات لەم بوارەدا . بۆ یە ئەمریكا ڕایگەیاند كە ڕێگە بەئێران نادات بەپێشخستنی چەكی ناوەكی . وە حەزیشی بە چارەسەری دیبلۆماسی نیە گۆمان دەكرێت ئیسرائیل هەروەك ئەوەی لە ساڵی ١٩٨١ لە دامەزراوە ناوەكیەكانی عێراقی دا هەمان شت بەرامبەر بە ئێران بكات , ئێران دەڵێت بەپێی ڕێكەوتن نامەی نێودەوڵەتی كە ڕێگە بەو وولآتانە دەدات كەئیمزایان لەسەركردوە , بەپیتاندنی یۆرانیۆم وە بەكارهێنانی بۆ مەبەستی ئاشتی

## ڕێككەوتنامەی بەرگرتن لەچەكی ناوەكی چیە ؟

ڕێككەوتنامیەكە لەساڵی ١٩٦٨ دا پێی گەیشتن بەگوێرەی ئەم ڕێكەوتن نامەیە ڕێگە بەو وولآتانە دەدات كەخاوەنی چەكی ناوەكی بوون لەوكاتەدا كە" وولآتەیەكگرتوەكانی ئەمریكا , ڕوسیا, چین, بەریتانیا , فەرەنسا " بوون . كە ئەم چەكە بپارێزن وەنەدانی بەهیچ لایەنێكی تر لە نمونەی ئەم چەكە یان شێوازی دروست كردن و تەكنەلۆژیاكەی . بەگوێرەی ئەم ڕێكەوتن نامەیە ولآتانی تر دەتوانن ووزەی ناوەكی بەرهەمبهێنن بۆ مەبەستی ئاشتی . بەلآم تەنها لەژێر چاودێری ئاژانسی ووزەی ئەتۆمدا , ئەگەر وولآتانی تر هەستان بەبەرهەمهێنانی ووزەی ناوەكی لەژێر چاودێریدا نەبوو , پێویستە ڕێگە بەپشكنەرەكانی سەربە ئاژانسی ووزەی ئەتۆم ، بدات سەردانی دامەزراوەكانی بكات . بەلآم ئەم ڕێكەوتنامەیە پەیڕەو ناكرێت بۆنمونە لەپاش ئیمزاكردنی ئەم ڕێكەوتن نامەیەوە" ئسرائیل , هند , پاكستان " ئێستا خاوەنی چەكی ناوەكین كۆریای باكور لەڕێكەوتن نامەكە كشایەوە وە ڕایگەیاند ئێستا خاوەنی چەكی ناوەكیە .

لەكات ڕوبەڕوو بوونەوەی ئێران لەكاتی لێدانی سەربازی وولآتانی كەنداوی عەرەبی گەورە ترین زیانیان بەردەكەوێت , یەكەم بە كۆچی چڕی سەرمایەی بیانی لەو ناوچەیەدا , وە لە كاتی لێدانی سەربازی ئێراندا . دووەم بڕوادەكرێت نرخی یەك بەرمیل نەوت" ١٠٠$" تێپەڕێنێت لەكاتی ڕاوەستانی هەناردەی نەوتی ئێراندا , لەكاتێكدا ناوچەی خۆرهەلآتی ناوەڕاست "٦٠٪ " یەدەكی نەوتیجیهانی هەیە . وە وولآتانی عەرەب" ١/٤ "ی ئەوە بەرهەم دەهێنێت . سێهەم دابەزینی بازاڕەكانی دراو لەناوچەی نیوە دورگەی عەرەبدا لە شوباتی ٢٠٠٦ بۆرسەی سعودی زیانی لێكەوت بەهۆی ئەو تەنگەژەیەوە كە فایلی ئێران دروستی كرد لەنێو بۆرسەكانی عەرەبدا بۆرسەی سعودی كەزیاتر لەنیوەی نرخەكانی بازاڕی لەدەست دا . چوارەم تەنگەی "هورمز" كەلەكەنداوی عەرەبیە لە "٢٠٪ -٤٠٪ "ی پێداویستیەكانی نەوتی جیهانی پێداتێپەڕدەبێت , لەدەستی ئێراندایە وەداخستنی دەبێتە هۆی كارەسات , وەترسی سەپاندنی زیاتری دەستەلآتی زیاتری سیاسی و ئابووری ئێران هەیە لەسەردەوڵەتانی دورگەی عەرەب ، پێنجەم ترسی پیسبوونی ئاو سامانی سروشتی لەئێراندا , گەورەترین ترس لەوەیە كە ئێران دەكەێتە سەرچینێكی بوومەلەرزەیی , وەئەگەری ڕوودانی دزەكردنی تیشكی ناوەكی هەیە , هەروەك لە كورەی "چیرنۆبڵ" ساڵی ١٩٨٦ ڕوویدا . یان ئەگەری ئاڕاستەكردنی لێدانی سەربازی لەپێگە ناوەكیەكانی ئێران لەلایەن ئەمریكا و ئیسرائیلەوە . هەریەكێك لەم بوارانە كە ئەگەری ڕوودانی هەیە ، ئەم ناوچەیە ڕووبەڕوی كارەسات ببێتەوە ، وە كوەیت ڕووبەڕوی گەورەترین مەترسی دەبێتەوە لەكاتی دزەكردنی تیشكدا , لەبەرنزیكی لەوێزگەی بورشەهری ئێرانیەوە , كەكەمتر لە "٢٧٢" كیلۆمەتر دوورە , كاریگەری ڕووداوەكە دەگاتە كوەیت لە "١٥ " خولەكدا ئەگەر خێرایی با "٥ "مەتر لە چركەیەكدابێت ، هەروەها مەترسیەكی تری زۆر گەورە ئەوەیە دەریای كەنداوی فارسی نیمچە داخراوە

ترسی دەوڵەتانی كەنداو لەبەكارهێنانی ئاوی كەنداو بۆ ساردكردنەوەی وێزگەی ووزەی كارەباییەكانی لەلایەن ئێرانەوە . كەپاشماوەی تیشكی دەگوێزرێتەوە بۆ ناو ئاوی كەنداو ئەمەش دەبێتە كارەسات.

## دەرهێنانی یۆرانیۆم

سەرەكیترین ووڵاتە نێرەرە دەرەوەكانی یۆرانیۆم " ئوسرالیا , كەنەدا , چین , كازاخستان , نامبیا , مەجەر , ڕوسیا , ئۆزبەكستان "ە ، یۆرانیۆم بە مادەیەكی خامی بنچینەیی دادەنرێت بۆ بەرنامەی ناوەكی جا شارستانی بێت یان سەربازی . یۆرانیۆم ئامادە دەكرێت یان لە چینە نزیكەكانی سەرووەی زەوی ، یان لەرێگەی دەرهێنانی لەقوڵایی زەویدا , سەرەڕای ئەوەی یۆرانیۆم بەشێوەیەكی سروشتی لەسەرجەم ناوچەكانی جیهاندا بوونی هەیە . بەڵام كەمێكی بەشێوەیەكی چڕ وەك مماددەی خام دەتوانرێت سودی لێوەربگیرێت . یۆرانیۆم یەكێكە لەتوخمە تیشكدەرە كیمیاویەكان , نیشانەی كیمیاوی "U"ە , ژمارەی گەردیلەیی "٩٢"ە , ڕەنگی سپی زیویە , یەكێكە لەتوخمە ژەهریەكان , بۆمبی ئەتۆمی و هایدرۆجینی " تێكەڵ بوون"اندماج" و پەرت بوون " لێدروست دەكرێت , یۆرانیۆمی "٢٣٨" بەكاردێت لە توێژینەوە دیاریكردنی "تشخیصی " زانستی یدا . یۆرانیۆمی سروشتی پێك هاتوە لە گەردیلەی بارستە جیاواز . پێی دەڵێن "هاوتا" یۆرانیۆمی "٢٣٨" بە بڕی "٩٩,٣٪" , وەیۆرانیۆمی "٢٣٥" بەبڕی "٠,٧٪" وە هاوتا ی تر بەبڕی ٠,٠١٪ . واتە هەر هەزار گەردیلە یەكی سروشتی تەنها حەوت گەردیلەی یۆرانیۆمی" ٢٣٥" تیا دەبێت .




## پیتاندنی یۆرانیۆم

كاتێك گەردێكی یۆرانیۆم پەرت بكرێت , لەت بكرێت لەزنجیرەیەكی كارلێكیدا ووزەی لێدەردەچێت , ئەم كارەش بە پەرتكردنی ناوەكی ناسراوە . پەرت بوونی ناوەكی لەباشترین كاتدا دەبێت ئەگەر هاوتای یۆرانیۆمی "٢٣٥" یان پلۆتۆنیۆمی" ٢٣٩" مان بەكارهێنابێت , مەبەست لەهاوتاكەی ئەوەیە كە هەمان گەردیلە ژمارەی هەبێت بەڵام بەجیاوازی ژمارەی نیوترۆنەكانی , وە یۆرانیۆمی " ٢٣٥ " بە "هاوتای پەرتی(انشطاری)" ناسراوە بەهۆی ئارەزووی بۆ پەرت بوون ، زنجیرە كارلێك ووزە لە شێوەی گەرمادا فرێدەدات . كاتێك گەردیلەیەكی "یۆرانیۆم ٢٣٥" پەرت بكەین ئەوا دوو نیوترۆن یان سێ نیوترۆون فرێدەدات . كاتێك لەتەنیشت ئەم گەردیلە پەرت كراوە وە گەردیلەیكی "یۆرانیۆمی ٢٣٥" ی ترمان هەبوو , ئەوا ئەم نیوترۆنانە بەری دەكەوێت كە دەبێتە هۆی پەرت بوونی ئەم گەردیلەیەش , وە دیسان نیوترۆناتی تر دەردەپەرێت لە گەردیلەی دووەمەوە . بەم شێوەیە كارلێكەكە بەردەوام دەبێت . كارلێكی ناوەكی ڕوونادات , ئەگەر گەردیلەی یۆرانیۆمی"٢٣٥ "ی پێویست نەبێت , هەتا ڕێگەبدات بەبەردەوام بوونی كارلێكەكە بەشێوەیەكی كارلێكی زنجیرەی خۆبەخۆ . لە دامەزراوە ناوەكیەكاندا پەرت بوونی ناوەكی لەسەرخۆ ڕوودەدات , لە هەمان كاتدا هەمان پەرت بوون بەخێراییەكی ئێجگار زۆر زیاد ڕوودەدات , لە كاتی تەقاندنەوەی چەكی ناوەكی دا , لە هەردوو بارەكەدا دەست بەسەرا گرتنی پەرت بوونەكە زۆر گرنگە . كاتێك ناوكی گەردیلەیەك كەرت دەكرێت بۆ دوو بەش ، برێكی بێشومار وزە دردەپەرێت لەگەڵیدا

دوو نیوترۆن یان سیان ئازاد دەبێت ،  كە ئەم نیوترۆناتانە بەر گردیلەی تر دەكەوێت وە هەمان پەرت بوون دووبارە دەبێتەوە لەهەمووجارێكدا ، كەئەمە بە كارلێكی زنجیرەی ناودەبرێت . ملیۆن ملیۆن پەرتبوون ڕوودەدات لە یەك لەسەر ملیۆنی چركەیەكدا بەڵام بڕی ئەو وزەیەی دەردەپەڕێت چەندە ؟ ، ئەمە لەكاتی تەقاندنەوەی بۆمبی ناوەكیدا ڕوودەدات ، بەڵام كاتێك وزەی ناوەكی لە مەبەستی ئاشتیدا بەكاربێن پێویستە كارلێكە زنجیرەییەكە خاو بكرێتەوە .

پیتاندنی یۆرانیۆم چەند قۆناغێكە . دەرهێنانی یۆرانیۆمی خام لەكانەكان , پاشان پوختەكردن و گۆڕینی بۆ ئۆكسیدی یۆرانیۆمی چڕ , كە بە "كێكی زەرد" ناسراوە , پاشان گۆڕینی ئۆكسیدەكەی بۆ غاز , لێرەوە یەكەم قۆناغی پیتاندنی یۆرانیۆم دەست پێدەكات . بۆ دروست كردنی بۆمبی ناوەكی , پێویستە لەسەر ئێران بەدەست خستنی هەزارەها ئامێری چەقە تاودان "ترد المركزي" بۆ بەرهەمهێنانی یۆرانیۆمی پێویست . چالاكی پیتاندنی یۆرانیۆم یەكێكە لەهەنگاوە قورسەكان لە پێشخستنی بەرنامەی ناوەكیدا . چالاكی پیتاندنی یۆرانیۆم پێویستی بەتۆڕێك بۆری ئاڵۆزی بەستراوە بە ئامێری چەقە تاودانەوە هەیە , كە لە توانایدا هەیە كاربكات بە درێژایی چەند مانگێك , یان چەند ساڵێك . بەبێ خراپ بوون و هەڵە . كرداری پیتاندنی یۆرانێۆم ئامانجی بەرهەمهێنانی غازی پێك هاتوو لە بڕێكی زۆر لە یۆرانیۆمی "٢٣٥" كە لە هاوتا پێویستەكانە بۆڕوودانی پەرت بوونی ناوەكی . پاش ئەوە دەتوانرێت گازەكە بنێردرێت ڕەوانەبكرێت بۆ چەقە تاودەرەكان . گازی "شەشەم فلۆرایدی یۆرانیۆم " ڕەوانەی ئامێری چەقە تاودان دەكرێت بەشێكی لێدروست دەبێت كە یۆرانیۆمی ٢٣٨ ی قورسە . كە دەتوانرێت دوور بخرێتەوە لە كرداری پیتاندنەكە . پاشان غازەكە دەگوێزرێتەوە بۆ ئا مێرێكی تری چەقە تاودان كە ئەم كردەوەیە دووبارە دەكرێتەوە بۆ ئامێری چەقە تاودانی سێیەم و چوارەم و پێنجەم , لەزنجیرەیەكدا كە هەزارەها ئامێری چەقەتاودانی لە خۆ گرتووە , تا یۆرانیۆمی خام پلە بەپلە دەگۆڕدرێ بۆ یۆرانیۆمی" ٢٣٥ ". ڕێگەی تری زۆر ئاڵۆز هەیە بۆ پیتاندنی یۆرانیۆم لە وانە بەكارهێنانی لەیزەر و تیشكی كەهرۆموگناتیسی . كرداری پیتاندنی یۆرانیۆم بە هۆی پاڵنانی ناوەندی غازەوە . كاتێك لولەكێكی بازنەیی یەكێك لەچەقە تاودەرەكان غازی پێدەدرێت . بە غازی شەشەم فلۆرایدی یۆرانیۆم . بەهۆی كردەوەی خێرای سوڕانەوە , گەردە قورسەكانی یۆرانیۆمی" ٢٣٨ " كۆدەبنەوە لەسەر دیواری لولەكەكە . وە گەردە سوكترەكانی " یۆرانیۆمی ٢٣٥ " لەنزیك چەقی لولەكەكە كۆدەبنەوە .




## پێگە ناوەكیە سەرەكیەكانی ئێران

وردەكاری مێژوویی پێگە ناوەكیەكانی ئێران چیە ؟
لە ئێراندا دە شوێنی ناوەكی ئاشكراهەیە , كە جۆراو جۆرە لە نێوان كانی بۆ دەرهێنانی یۆرانیۆم كارگەی پۆختەكردنی یۆرانیۆمی خام , كورەی ناوەكی بۆ گۆڕینی یان پیتاندنی یۆرانیۆم یان بۆ مەبەستی لێكۆڵینەوەی زانستی .كەگرنگترینیان ئەمانەن :




## بورشەهر :

وێزگەی بەرهەم هێنانی کارەبا بە ووزەی ناوەکی

بەرنامە ناوەکیەکانی ئێران لە ساڵی ١٩٧٤ دەست پێدەکات لەگەڵ دەست پێککردنی بەرنامەی بنیات نانی وزگەی بەرهەمهێنانی کارەبا بە ووزەی ناوەکی لە بورشەهر ، بە یارمەتی ئەڵمانیا . بەڵام پرۆژەکە هەڵوەشێنرایەوە پاش شۆڕش ی ئیسلامی کە پێنج شاڵ پاشتر هات . لەساڵی ١٩٩٢ پرۆژەکە دەستی پێکرایەوە کاتێك تاران لەگەڵ ڕووسیا ڕێکەوتن نامەیەکیان مۆرکرد بۆ دەست بەکارکردنەوە لەو شوێنەدا ، وە دوو کورە بۆ بەرهەمهێنانی ئاوی قورس لەو جێگەیەدا دروست کرا , گومان دەکرێت یەکێکیان تەواو بوبێت بەپێی ڕاپۆرتەکان . دەتوانێت ماددەی "پلۆتۆنیۆمی پیتێنراو " بەرهەم بهێنێت . کەلە دروست کردنی چەکی ناوەکیدا بەکاردێت .




## ئەسفەهان :

وێزگەی گۆڕینی یۆرانیۆم

تیایدا یۆرانیۆم پوختە دەکرێت لە پسی لەپێناو گۆڕینی کیمیاویانە بۆ گازی شەشەم فلۆرایدی یۆرانیۆم و پاشان پاککردنەوەی بەتەواوی ساردکردنەوەی و تا ڕەق بێت .

ئێران دووگارگەی بۆ گۆڕینی یۆرانیۆم بۆ سێ شێوە بنیات ناوە

١. گازی شەشەم فلۆرایدی یۆرانیۆم کە بەکاردێت لە بۆری گواستنەوەی گازدا .
٢. ئۆکسیدی یۆرانیۆم کە بەکاردێت لە کارگەکانی سوتەمەنیدا بەڵام ئەو جۆرەنیە کەئێران بەکاری دێنێت .
٣. سوتەمەنی کە بە زۆری بەکاردێت لە بنچینەی تەقەمەنی ناوەکیدا . ترسی دامەزراوەی نیۆ دەوڵەتی بۆ ووزەی ناوەکی لەئەنجامی ئەم سوتەمەنیەدایە لە چاو دامەزراوە ناوەکیەکانی ئێراندا کە پێویستیان بەم جۆرە سوتەمەنی یە .



## ناتانز :

وێزگەی پیتاندنی یۆرانیۆم

ئێران کارکردنی لە کورەی پیتاندنی یۆرانیۆم لە ناتانز ساڵی ٢٠٠٣ هەڵپەسارد , بەڵام بەم دوویانە دەستی بەکارکردن کردووە تیایدا . ساڵی ٢٠٠٣ لە ڕاپۆرتێکی دزە پێکراوی ئاژانسی ووزەی ئەتۆم دا هاتووە کە یۆرانیۆم ی لە پلەی پێویستدا بۆ چەك دروستکردن

دۆزیوەتەوە لەو " چاوگانەوە " "عینان" کە لەم شوێنە وەری گرتوە , تاران دەڵێت لە ئەنجامی ئەو پێویستیانە کە هێنراون وە پیسبوون ئەو پیسبونە دروست بووە ، پاشتر ڕاپۆرتی سەربەخۆ پشت ڕاستی قسەکەی تارانی کردەوە . هەندێك ڕاپۆرت دەڵێن کە کورە ی ناتانز کاتێك قۆناغی سەرەتای کارکردن تیایدا تەواو دەبێت "٥" هەزار لە بۆری گواستنەوەی تیادەبێت ، بەڵام کاتێك کارکردن تیایدا تەواو دەبێت "٥٠" هەزار بۆری غازی پێشکەوتوو لە خۆ دەگرێت , کە ڕێگە بەبەرهەم هێنانی یۆرانیۆمی پێویست دەدات بۆ هەندێکی کەم چەك زیاتر لە ٢٠ چەکی ناوەکی هەموو ساڵێك . ناتانز کە ئامێری چەقە تاودانی تیا بەکاردێت بۆ زیادکردنی بڕی هاوتای یۆرانیۆم" ٢٣٥" لە یۆرانیۆمی ڕەقی پوخت , وە کورە ی ئاو سوك بۆ بەرهەمهێنانی کارەبا ئەم چالاکیە خەستی یۆرانیۆم لەنێوان "٢,٥-٣,٥" ی دەوێت

## ئاراک :




ویزگەی ئاوی قورس

ویزگەی ئاراك تۆێژینەوەی ئاوی قورسی تیایە کە دەتوانرێت بەکاربهێنرێت بۆ بەرهەم هێنانی پلۆتۆنیۆمی پیتێنراو ، چەند نیشانەیك دەرکەوتوون بە بوونی دامەزراوەی ئاوی قورس لە نزیك شارۆچکەی ئاراك . بۆ جاری یەکەم کاتێك وێنەی گیرا لە ئاسمانەوە بلاّو کرایەوە . لە دامەزراوەی زانستی و ئاسایشی نیۆ دەوڵەتی ئەمریکی کە لە کانوونی دووەمی ٢٠٠٢ دا دەستکەوتبوو . ئاوی قورس بۆدوومەبەست بەکاردێت لە جۆرێکی دیاریکراو لە کورەکاندا , نەك لەو کورەیەی ئێستا ئێران بنیاتی ناوە ، وە یان بۆ بەرهەمهێنانی یۆرانیۆم لە بەکارهێنانی بنیاتنانی بۆمبی ناوەکیدا .

## ئاوی قورس

بریتیە لەو ئاوەی کە چڕییەکی زیاتری هەیە لە هی ئاوی ئاسایی بە هۆی ئەوەی کە گەردە ئۆکسجینیەکەی لەگەڵ دوو گەردی تری هایدرۆجین کە بە دیتریۆم ناو دەبرێت کە ناوکەکە پێك هاتووە لە پڕۆتۆن و نیوترۆن بە جیاوازی گەردی هایدرۆجینی کە زیاتر بلاو دەبێتەوە کە پێك هاتوە لە نیوترۆنات , هەروەها بارستە گەردی ئاوی قورس زیاترە بەبڕی دوویەکەی پێوانەگەردی ئاوی ئاسایی ئاوی قورس بە ($O_2D$) هێما دەکرێت یان بە ($O_2H_2$) بە تایەت هەندێ کیمیاوی ئاوی ئاسایی هەیە , بەڵام تایبەت فیزییانە جیاوازە لە ئاوی ئاسایی (لە هەندێك ڕووەوە)

ئاوی قورس

پلەی کوڵانی = $101.42^0$ لەژێر پەستانی کەشی پێوانەیی

پلەی بەستن = $3.81^0$

بارستە چڕی = ١,١٠٧٩ لەژێر پەستانی کەشی پێوانەیی‌دا.

### كانى "ساغند":

ئاشكرابوو كه یۆرانیۆمى خامى تێدایه ساڵى ١٩٨٥ ساڵانه "٥٠ بۆ ٦٠ " تەن یۆرانیۆمى خامى لێدەردەهێنرێت .

### كارگەى "ئەردكان" :

تیایدا یۆرانیۆمى خام پۆختەدەكرێت تاببێته یۆرانیۆمى خامى خەست كەبە " كێكى زەرد " ناسراوه دەتوانێت كارگەكه "٦٠ بۆ ٧٠" تەن ساڵانه بەرهەم بهێنێت , ئەمه كورەى توێژینەوه وەدامەزراوەكانى هەڵگرتنى پاشماوه تیشكدەرەكانه , تائێستا كاركردن تیایدایه بەردەوامه .

### كارگەى "جیهان":

گەشەى پێدراوه بۆ بەرهەمهێنانى "٢٤" تەن له "كێكى زەرد" ساڵانه .

### كارگەى "كالان" :

بۆبەرهەمهێنانى وزەى كارەبا له تارانى پایتەخت , سەرەڕاى جیاكردنەوەى كورەى پیتاندنەكه لەكارگەكه .

### پێگە "تانارك" :

پێگەى هەڵگرتنى پاشماوەى ناوەكیه

### پێگەى "خوزستان " :

هەتائێستا لەژێر بنیات ناندایه , تاران پلانى داناوه بۆ بنیات نانى كورەى نوێ لەو ناوچەیەدا .



## ڕابەرانى ئێرانى لێپرسراوى فایلى ناوەكى :

### بەرزترین هەڵبژێردراو "المرشید الاعلی " ڕابەر علی خامنئی

لەدایك بووى ساڵى "١٩٣٩ " له شارى مەشهەد . باوكى ئایەت الله حاجى سید جواد خامنئى له دیارترین زانایانى مەشهەد بوو .

دانرا به بەرزترین هەڵبژێردراوى ڕابەرى شۆڕشى ئیسلامى ئێران له ساڵى ١٩٨٩ دا , كه بەهێزترین دامەزراوەیه له ئێراندا , به كۆچى دوایى ئایەت الله خومەینى ساڵى ١٩٨٩ . ئەنجومەنى پسپۆڕان هەڵیان بژارد وەك بەرزترین ڕابەرى شۆڕش ، خامنئى چەند لێپرسراوێتى یەكى لەكاتى شۆڕش و پاش شۆڕشدا گرتۆته ئەستۆ , لەوانه ئەندامى ئەنجومەنى سەركردەكانى شۆڕش . جێگرى وەزیرىدیفاع له یەكەم حكومەتى پێكهێنراوى پاش شۆڕش , نوێنەرى ئیمام خومەینى له ئەنجومەنى بەرزى بەرگرى , پێش نوێژى جومعه لەتاران , نوێنەرى شارى تاران له ئەنجومەنى ڕاوێژكارى ئیسلامى بۆ خولى یەكەم , سەرۆكى جمهورى ئیسلامى ئێران له ماوەى "١٩٨١- ١٩٨٩ ". ئایەتالله خامنئى لەبەرگریكەرانى سەرسەختى بەرنامەى ناوەكى ئێرانى دەژمێردرێت , له" ٥ حوزەیرانى ٢٠٠٦ " دا وتى نەوت وەك چەكێك بەكاردێنن ئەگەر وڵاته یككگرتووەكانى ئەمریكا هەر هەڵیەك لەبەرامبەر وڵاتەكیدا بكات .



## سەرۆک محمود احمدی نەژاد

لەدايك بووى ساڵى" ١٩٥٦ " لەشارۆچكەى جرمسار لەنزيك تاران ,
دەرچووى زانكۆى ئێرانە بۆزانست و تەكنەلۆژيا ساڵى ١٩٧٦ ,
ساڵى ١٩٨٧ پلەى دكتۆراى لەهەمان زانكۆ بەدەست هێنا .شەشەم
سەرۆك كۆمارى ئسلامى ئێرانە , سەركەوت لەبەرامبەر ڕكبەرەكەى
سەرۆك اكبر هاشمى ڕەفسنجانى لەهەڵبژاردنەكانى ٢٠٠٥ دا ،
بەر لەهەڵبژاردنى وەك سەرۆكى كۆمار , ساڵى ٢٠٠٣ وەك سەرۆكى شارەوانى تاران هەڵبژێردرا , لە وماوەيەى كەلەم پۆستەدابوو كارى زۆرى كرد بۆ يە بنكەيەكى جەماوەرى دروست كرد بۆخۆى . ساڵى ١٩٨٦ پابەندبوو بە پاسەوانى شۆڕش لە ماوە جەنگى ئێران عێراق ، بو بە سەرۆكى ئەندازارانى لەسوپاى شەشەم ی سەر بە سوپاى پاسەوانى , لە ماوە ١٩٩٣ - ١٩٩٧ حاكمى پارێزگاى ئەردەبيل بووە , پاش ئەوە وەك ئەندازيارى شارستانى و مامۆستاى ياريدەدەرلە زانكۆ ی زانست و تەكنەلۆژيا كارى كردووە . بە پارێزگارێكى "كۆنسەرڤاتڤ" توندڕەو دادەنرێت لە توندترين بەرگريكارانى بەرنامەى ناوەكى ئێرانە , دژى ئيسرائيلە وە نكوڵ كەرى هۆڵۆكست .



## وەزیری دەرەوە مەنوشەهر موتەقی

لە دايك بووى ساڵى ١٩٥٣ لە ناوچەى بەندەركز, بەكالۆريۆسى
لە زانستى كۆمەڵايەتى لە زانكۆى بنجلور لە هند بەدەست هێناوە ,
ماجستێرى لە پەيوەندى نێو دەوڵەتى لە زانكۆى تاران .
سەرۆك ئەحمەدى نەژاد وەك وەزيرى دەرەوە ديارى كرد
ساڵى ٢٠٠٥ دا ، پێشتر لەچەند پۆستێكى سياسى و ديبلۆماسيدا كارى كردووە .
گرنگترينيان . باليۆزى ئێران بووە لە توركيا لە نێوان
١٩٨٥-١٩٨٩ باليۆزى ئێران بووە لە يابان ساڵى ١٩٩٢-١٩٩٨ ،
ڕاوێژكارى وەزارەتى دەرەوە ساڵى ١٩٩٢ , وە سەرۆكايەتى شاندى دبلۆماسى ئێران دەكات لە دۆسيەى تايبەت بەكێشەى ناوەكيدا



## سکرتێری ئاسایشی نەتەوەیی عەلی لاریجانی

لەدايك بووى ساڵى ١٩٥٨ لە نەجەف لە عێراق , كوڕە گەورەى
ئايەت الله العضمى جواد الهاشمى ئەملى كە لە زانايانى حەوزەى
قوم بوو , كچى ئايەت الله مرتضى مطهرى هێناوە .
بەكاليۆريۆسى لە ماتماتيكدا لە ساڵى ١٩٧٩ تەواو كردووە ,

دكتۆرای لە فەلسەفەی ڕۆژئاوادا لە زانكۆی تاران بەدەست هێناوە , لە پۆستی سكرتێری گشتی ئەنجومەن ئاسایشی نەتەوەیی ئێران دانرا لە ١٤ ئابی 2005 , لە جێگای حەسەن ڕۆحانی . پێش ئەوە نوێنەری ڕابەری بەرز علی خامنئی لە ئەنجوومەندا بووە . سەرۆكی دەستەی پەخش و تەلەفیزیۆن بووە بۆماوەی ١٠ ساڵ ١٩٩٤ - ٢٠٠٤ , وەزیری ڕۆشنبیری بوە لە ماوەی ١٩٩٢ — ١٩٩٤ . لاریجانی لەدیارترین پاڵێوراوەكان ی باڵی ڕاستی پارێزگاران بو بۆ هەڵبژاردنەكانی ٢٠٠٥ . بە پلەی شەشەمی پاڵێوراوەكان هاتووە . لە لاویدا یەكێك بووە لە شوێن كەوتوانی ئەو كۆمەڵەیەی كە بارمتەكانی باڵیۆزخانەی ئەمریكایان دەست بەسەركرد بۆماوەی "٤٤٤" ڕۆژ . بە پارێزگار ( كۆنسەر ڤاتیف ) یكی توندڕەو دادەنرێت , گەورە وتووێژكاری پەیوەندیە فایلی ناوەكی ئێرانە .



## سەرۆکی دەستەی ووزە غولام ڕەزا ئاغا زادە

لە دایك بووی ١٩٤٧ لە ئازەربایجان , ژمێریاری كۆمپیوتەری لە زانكۆی تاران تەواو كردووە , سەرۆكی دەستەی ووزەی ئەتۆمی ئێرانیە ، لە مانگی ئابی ١٩٩٧ جێگری سەرۆكی ئێرانی بووە , ئەندامی كۆمەڵگەی دیاریكردنی بەرژەوەندی ئەێرانیە , پێشترلە پۆستی وەزیری نەوت و سەرۆكی كۆمپانیای نەوتی نیشتمانی ئێرانیدا بووە . لە چالاكەكانی ئۆپۆزسیۆنی شابووە , بەپاریزگار ( كۆنسەرڤاتیف) دادەنرێت

Nya-78@hotmail.com

